# ڕووداوێكی قێزەون كە حەقیقەتی چەواشەكرد
# دەربارەی لەسێدارەدانی صدام

ڕێبوار ئەحمەد

لە سێدارەدانی صدام حسین لە هەموو ڕویەكەوە ڕووداوێكی قێزەونو فریوكارانەو جێگای نەفرەت بوو. لایەنی ئینسانیو ئەوەی كە بە پێی "قانون" مەراسیم بۆ هەلواسینو خنكاندنی بەشەر بە دەستی خودی بەشەر سازبكریت، بە نیسبەت ئیعدامی صدامەوە وەكو گەورە تاوانباریكی میژوو، لە چاو لایەنەكانی تر دەبیتە مەسەلەیە لاوەكی. لایەنی قیزەونتری ئەم ڕووداوە ئەوەبوو كە ملهورترینو تاوانبارترین دەولەتی خوینریژی دنیاو كۆمەلیك دارودەستەی كۆنەپەرستو گویلەمستی ئەو دەولەتە كە خۆیان تا ئەنیشكیان لە خوینو تاواندایە، لەم ڕووداوە قیزەونەدا دەمو چاوی تاوانكارانەی خۆیان داپۆشیو بەرگی عەدالەتیان خستە سەر جەستەی پر تاوانیان.

من پیشتر ئەوەم ووتبو كە بەریوەبردنی سزای ئیعدام بەرامبەر صدام حسین، ئەو گەورە تاوانبارەی میژوو دەكات بە قارەمانیك كە سەدان داستانی بۆ دەهۆنریتەوە. ئەمرۆ ڕێك هەر ئەو پیشبینیە بەدیهاتووە. ئەوەی كە زەمینەی بۆ ئەمە خۆشتركرد، ئەو ڕاستیە بوو كە صدام زانی بە دریژایی پرۆسەی دادگاییەكەی، نەتوانراوە بۆ ڕای گشتی تاوانە گەورەكانی ئەو بسەلمینری. ئەمەش ئاكامی مەنتقی دادگاییەك بوو كە لەلایەن داگیركەرو دەستو پیوەندەكانیەوە بەرپاكرابوو. دادگایەكی وا ناتوانی حەقانیەتی خۆی بۆ ڕای گشتی بسەلمینێ. بە جیا لەمە دروست بەو دەلیلەی كە هەموو كەس دەیزانی ئەو دادگایە هیچ جۆرە سەربەخۆیەكی نیەو بە فەرمانی جەنەرالەكانی بوش دەجولیتەوە، بۆیە ڕۆژ تائیوارە سویندیان بە سەربەخۆیەكەی دەخوارد. بەشیكی زۆر لە خەلكی دنیا بە هۆی ئاشنایەتیان بە ملهوری دەولەتی ئەمریكا، هیشتا باوەر ناكەن صدامو ڕژیمەكەی بەراستی ئەو هەموو تاوانەی كردبیت كە پێی تاوانبارە، وا دەزانن ئیعدامی بە كۆمەلو ئەنفالو كیمیابارانو... بوختانیكە كە ئەمریكاو دەستو پیوەندەكانی بۆ نەیاریكی خۆیان دروستیان كردوە. ئەگینا بۆ تازە بە تازە ئەمریكا دلی بۆ ئەو كارەساتانە دەچوزیتەوە كە چارەكە سەدەیەك لەمەوبەر ڕوویانداوەو لە كاتی خۆیدا نەك هەر لە ئاستیدا بیدەنگ بوون، بەلكو بە توندی پشتیوانیان لە ئەنجامدەرانی دەكرد. پروسەی دادگاش ئەم تەمو مژەی لەسەر تاوانەكانی صدام زۆر چرتركردەوەو نەیتوانیی هیچ حەقانیەتیك بەدەست بهینیت. سالەهایە تاوانەكانی صدام تەزو بە جەستەی خەلكدا دەهینیت، لیرە بە دواش دەبی بیستنی داستانەكانی قارەمانیتی صدامی جەلاد ئەو تەزوە بە جەستەی خەلكدا بهینیت. بە تایبەتی كە لە سیدارەدانی صدام نەك هەر لە ئاستی دنیادا پیشوازی لی نەكرا، بەلكو لەگەل شەپۆلیكی گەورەی ئیدانەو نارەزایەتی بەرەرووبوەو تاوانەكانی داپۆشرا. لە كاتیكدا دەكرا ئەم تاوانبارانە لە دادگایەكی عادلانەو بێلایەندا دادگایی بكرانایەو پەردە هەلمالین لەسەر تاوانە گەورەو بێشومارەكانیان، بكرایەتە بەلگەی ڕیسوایی خۆیانو گشت ناسیونالیزمی عەرەب. دەكرا صدامو ڕژیمی بەعسو ناسیونالیزمی عەرەب وەكو هیتلەرو نازیەكان وەكو تاوانكارانی میژوو لای هەموو بەشەریەت ڕیسوا بوانایە.

صدام حسین جەلادو تاوانباریكی گەورەبوو، بەلام چ شتیك لەوە قێزەونترە كە ئەم بكوژی سەدان هەزار ئینسانی بی تاوانە، بە هوتافكیشان بە سەر سەرانی ئەو میلیشیا تائیفیانەدا لە سیدارە درا، كە شەو تا بەیانی "فیرقەكانی مەوت"یان لە بری دەزگا سەركوتگەریەكانی ڕژیمی صدام، لاشەی شیویندراوی خەلكی بێتاوان ڕادەكیشن. چ دنیایەكی هەلگەراوەیە كە لە سیدارەدانی مجرمیك بۆ ڕوسپی كردنو قوتكردنەوەی مجرمانیكی تر بەریوەدەچیت.

صدام بەلایەكی زۆر گەورەبوو بەسەر خەلكی عیراقو هەموو ناوچەكەوە، بەلام ئەمریكاو دەستو پیوەندەكانی كاریكیان كرد كە تەنانەت مەرگی ئەو تاوانبارەش دیسانەوە ببیتە بەلایەكی گەورە بۆ ئەم خەلكە. دووبارە ئەوە ئەركیكی قورسو سەختی بەرەی ئازادیخوازیو ئینسانیەتە كە پەردە لەسەر تاوانكاریو ناقارەمانی صدام هەلمالنو ئەو تەمو مژە برەوینەوە كە كاری چەپەلی ئەمریكاو دەستو پیوەندەكانی لەسەر تاوانەكانی صدامو ڕژیمەكەی دروستیان كردوە.

ئیعدامی صدام ڕێك بە پیچەوانەی ئەوەی دەلالانی سیاسی ئیستای عیراق زۆرویژی لەسەر دەكەنو دەلین هەنگاویكە لە ڕیگای داهاتویەكی بەختەوەر بۆ خەلكی عیراق، لە واقعدا هەنگاویكی گەورەبوو بۆ قولكردنەوەی كیشەكانی ئیستاو برەودان بە شەرو كوشتاری تائیفیو قەومیو لە خوین هەلكیشانی زیاتری كۆمەلگا. ئەو بڕینانەی قولكردەوە كە 35 سال حاكمیەتی بەعس لە جەستەی خەلكی عیراقو ناوچە هەلیكەندبوو، دنیایەك حەقیقەتی گەورەی لە بەشەریەت شاردەوە، ڕیگای خۆشكرد بۆ ئەوەی شەریكە تاوانەكانی لەسەر تاوانكاریو یەخسیركردنی كۆمەلگاو بەشەریەت بەردەوام بن.

ئەم ڕووداوە نەك هەر هیچ پەیوەندیەكی بە حەقو عەدالەتەوە نەبوو، بەلكو پیلانیكی زۆر گەورەبوو لە دژی حەقو عەدالەت بەریوەبرا. ئەوانەی كە ئەم كارەیان بە ناوی حەقو عەدالەتەوە بەریوەبرد، لە جۆرج بوشەوە تا بلیرو تا دەستو پیوەندەكانیان لە عیراق، تاوانەكانیان لە ژماردن نایاتو خۆیان دەبی لەسەر تاوانە بێشومارەكانیان دادگایی بكرین.

بەلام لەم نیوەدا هەلویستی جەلال تالەبانی زۆر جیگای سەرنج بوو، ئەو گەلیك شانازی بەوەوە كردوە كە بەلگەنامەیەكی لە دژی سزای ئیعدام ئیمزاكردوەو بەم پێیەش گوایە ئەو دژی سزای ئیعدامە. هەلبەت ئەم ئیمزایە هیچ مانایەكی عەمەلی نەداوە بەو هەلویستەی ئەو. چونكە سالەهایە لە شاخو لە شار حیزبو میلیشیاو دەسەلاتەكەی خەلكیان ئیعدام كردوە. بەلام بەدەر لەمە ئەو ئیمزایەی كە خۆی باسی دەكات، چەندە وەكو هەلویستیكی گرنگو ئینسانی مایەی شانازیە، ئەوەندەش پابەندنەبون پێیو لە ژیرپی نانی مایەی پیچەوانەكەیەتی.

تالەبانی لەسەرەتادا ووتی "من لەبەر ئەوەی بەلگەنامەیەكم دژی سزای ئیعدام ئیمزا كردوە، من ئامادە نیم بریاری ئیعدامی صدام ئیمزا بكەم، یەكیك لە جیگرەكانم دەتوانن ئەم كارە بكەن." تالەبانی كاتیك لە ئۆپۆزیسیونو بی دەسەلات بوو، لە دژی سزای ئیعدام بەلگەنامەی ئیمزا كردوە، بەلام كاتیك دەسەلاتی پەیداكردوەو دەوری

سەرۆك كۆماری پیدراوەو بریاری لە سیدارەدان پیویستی بە ئیمزای ئەو پەیداکرد، لە جیاتی ئەوەی پابەندبیت بە ئیمزاکەی خۆیو بریاری لە سیدارەدان رەت بکاتەوە، هەلویستەکەی لە دژایەتی ئیعدامەوە بووە بەوەی کە بریاری ئیعدام کردن دەسپیری بە یەکیك لە جیگرەکانی تا بۆی راپەڕێنن!! ئەو رۆژگارەی هەلویستی تالەبانی لە دژی ئیعدام بایەخیکی ئەوتۆی نەبوو، ئەو لە دژی ئیعدام ئیمزای کرد، بەلام ئەو رۆژگارەی کە هەلویستی ئەو دەوری گرنگی هەبوو لە بەریوەچونی سزای ئیعدام، لانی کەم دەیتوانی عەرقەلە بخاتە ئەوکارەوە، خۆیشی سزای ئیعدامی بۆ صدام بە عادلانە لە قەلەمدا.

ئیستاش ئەو دەتوانی ئیدعای ئەوە بکات کە بریاری لە سیدارەدانی صدامی ئیمزانەکردوە، یان تەنانەت دوای چەند رۆژ بەسەر ئەو رووداوەدا بلی من وەکو سەرۆك کۆمار ئاگام لەو رووداوە نەبووە. کەوایە پرسیار ئەوەیە کە سەرۆك کۆماریەکەی لە کویّ مایەوەو مانای چیەو چ هەلویستیك لەو حساب بۆ نەکردنە دەگریت؟! پاشان ئەو بەپیّی ئیدعاکانی خۆی بریاربوو دژی ئیعدام بیتو بەرامبەری راوەستی، نەك فەرمانی لەسیدارەدان ئیمزا بکات یان نەیکات! لە کاتیکدا ئەو لەم پرۆسەیەدا هەر لە سەرەتای درچونی حوکمەکەوە راستەوخۆ بوە بە یەکیك لە لایەنگرانی سزای ئیعدامو بە حوکمیکی عادلانە وەصفی کردو ووتی دەبی لە ماوەی یاسایی خۆیدا بەریوببریت. کەسیك رۆژگاریك خۆی دانی بەوەدا نابیت کە ئیعدام جیگای نەفرەتەو رۆژگاریکی تر بۆ بەرژەوەندی رۆژی بچیتە پشتی ئەو سزایەوە، مانای وایە لە پیش هەموو کەسیکەوە خۆی ئیدانەی خۆی کردوە. دەبی خاوەنەکانی ئەو بەلگەنامەیەی کە ئەو لە دژی ئیعدام بۆی ئیمزاکردون چ دلیکیان بەو ئیمزایەی خۆش بیت؟!